www.kurdistannet.org
31-1-2006 21:49بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان و سەکۆیەکی نا ئازا ...د سروه گەرمیانی

شەو درەنگ بوو، کات ژمێر لە دوانزەی شەو تێ پەریبوو، کلیکی ماوسەکەم کردوو خۆم کرد بە ژووری مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان) لە پاڵتاڵکدا، بابەتی ئەو شەوە واتا شەوی سێ شەمە بەرواری 31-2-2006 لە سەر حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان بوو، کەوا بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداریان کردووە لە هەڵبژارن، بە تایبەتی مەبەست یەکگرتووی ئیسلامی بوو.

کە رۆشتمە ژورەوە بە ناوێکی خوازراوەوە بە ناوی (کوری 1973) کە بەهۆی (pm) ی کەسانێکەوە لە پاڵتاڵکدا ئەم ناوەم لەخۆم ناوە، واتا بۆ ئەوەی بتوانم بە ئاسودەو بەختیار ئەو ماوەی کە لە پاڵم سودمەند بم و کەمێك ئەو خەم و خەفەتەی کە لە تاراوگەدا هەیە برەوێتەوە.

بەڵێێ کاتێك چوومە ژوری (مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان) کوری رەواندزی، واتا بەرێوبەری ژورەکە مایکی گرتبوو قسەی دەکرد، گوێم لێبوو، ووتی مزگەوت هەر بۆ (W:C) واتا ئاودەست خانە باشە هیچ سودێکی نەبوەو نابێ ئیتر هەندێ ووشەی نا رۆشینبیرانەی تر، کە جوان نییە لە ژوور سەری وێنەی ئەو شەهیدانەدا بوترێت کە لە ژوورەکەدا دەردەکەون.

منیش بە (تێکس) نوسیم (کوری رەواندزی) ، ئەم ژوورە سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە زۆر ناخۆشە وا بێ رێزی بە مزگەوت دەکەی خۆ هیچ نەبێ لە ناو مزگەوتەوە ئەدەبی کوردی سەری هەڵدا دەیان نوسەرو شاعیری پێگەیاند ئەو مزگەوتەی تۆ بە ئاودەست خانە دەیزانی. وە نوسیم مام جەلال کە قسە دەکا بە ئایەتی قورئان دەست پێدەکات و ئەوەتا رۆژ بەرۆژ منارەی مزگەوتەکانی حەسەینییە بەرز تر دەکات،

کە چی پرسیارێکی کاڵ فامانەی ئاراستە کردم و ووتی رێزی خۆت بگرە بێ ئەوەی بێرێزیم کردبێ، ووتی باشە قورئان چییە، وە شتی باشی کەی تییایە، بۆ ناوی (مۆز) لە قورئان نەنوسراوە، ئایا بە (مۆز) بە عەرەبی دەڵێن چی؟!

منیش بە تێکس کەمێك پێکەنیم و نوسیم بۆی جا کەی کێشەی ئێمە موزەو ناوی مۆزە چی پێدەڵێن، کێشەی ئێمە کێشەی سیی یاسییە، نوسیم بۆی وام زانی رۆشنبیری وە دوای کەمێك بێزار بووم لە قسەکانی و رۆشتمە دەرەوە لە ژوورەکە واتا (ژووری مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان)

چووم بۆ (ژووری ئێرە دەنگی کوردستانە) ماوەیەکیش لەوێ بووم و دوای رۆشتمە دەرەوە لە ژوورەکە لە دڵی خۆمدا ووتم ئێستا (کوری رەواندزی) قسەی تەواو کردووە با برۆم بۆ ئەوێ، هەرچەند کلیکی ماوسەکەم دەکرد نەم ئەتوانی برۆمە ژوورەوە، بە خۆمم ووت لەوەیە کێشەیەك پەیدا بووبێ لە پاڵتاڵکدا با برۆمە دەرێ لە (پاڵ) بەڵکو باش ببێ، با سەرەتا کەس تاوانبار نەکەم، بەڵام هەر سودی نەبوو.

ئیتر ناچار بووم بە PMپەیوەندیم کرد بە چەند کەسێکەوە کە لای ناوی هاوسەرەکەم ADD بوون، واتا هاورێی هاوسەرەکەمن لە پاڵتاکدا، توانیم پیوەندی بکەم بە کەسێکەوە بەناوی کاك (KUNJRINY) هەتا بڵێی ئەم برایە کەسێکی بەرێزو رۆشنبیر، زۆر هەوڵی دا نەیتوانی چارەسەری کات، ئەم بەرێزە ووتی دەڵێن تۆ بێرێزیت کردووە، منیش ووتوم ئەو کاتەی منلە ژوورەکە بووم تۆ دەست بەرز بوو، وە ئەتوانی سەیری تێکس تەکانم بکەی بزانە چی

بێرێزییەکم کردووە!! بە هەرحاڵ کاك کونجرینی زۆر هەوڵی دا سودی نەبوو، بۆیە پەنای برد بۆ کەسێکی تر کە ئەویش ئەدمینە لە ژووری مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان بە ناوی کاك (AMOZA GYAN 1) ئەم برایەش زۆر هەوڵیدا، بانگی دەکردم بۆ ژوورەکە هەر نەم ئەتوانی برۆمە ژووری سەکۆی نا ئازاد، هەتاوەکو ئەم نوسینەش هەر باندم، واتا بۆم نییە برۆمە ژوورەوە.

لێرەدا داوای لێبوردن لە خوێنەرانی ئەم چیرۆکە راستەقینەیە دەکەم کە سەرم یەشاندن بە خوێندنەوەی، بەڵام تەنها مەبەستم ئەو نادیمکراسیی و سەکۆی نا ئازادییەی کە لە (مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان) دەکرێت بە رامبەری کەسانی شۆرشگێرو بنەماڵەی خاوەن خەبات، ئای کێ کردی و کێ خواردی!!!کەسی ووا هەبووە (مرور) ی کردوە لە کاتی رژێمی بەعس، ئێستا خۆی کردووە بە مامە ریشە، ئێمەش کە کەس و کارمان کە شەهید و ئەنفالکراوە بۆمان نییە تێکسێك کە دوور بێت لە بێرێزی بە ئازادی بنوسین و باند دەکرێن، یەکێك لەو وێنەی شەهیدانە کە لە ژووری مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان، دەگەشێتەوە کەسێکی نزیکی خۆمە، بەڵام (کوری رەواندزی) خۆی کردووە بە خاوەنی ژوورو، وە ئەوەی بە دڵی ئەو نەنوسێت و بە دڵی نەبێ وەکو منی لێ دەکا